# Halgord

خاوەنی ئیمتیاز: خدر مستەفا　سەرنووسەر: ئیسماعیل ئەحمەد　جێگری سەرنووسەر: کەمال چۆمانی

هەڵەبڕ: فەرمان محەممەد و فەرهاد خدر　تایپیست: پێشەوا فەقێ و نەسرین ئەحمەد

چاپخانەی: شەهید ئازاد هەورامی　halgord_ch2006@yahoo.com


ســـــۆراو

ســـــۆر

## پەرلەمان دوا گوللەی خۆی نا بــە ئــازادی رادەربڕینەوە*

## پەســـەندکردنی یاســـای رۆژنامەگـــەری تێرۆرکردنی ئازادییە

■ کەمال چۆمانی

ئـەو پـڕۆژە یاسـایەی پەرلـەمان کـە ماوەیـەك بـوو خـۆی پێـوە سەرقاڵکردبوو چاوەڕێمان دەکرد هەر هیچ نەبێت لەوەیان بەئـەرکی خۆیـان هەڵـسن، دواجـاریش وەك چـۆن بـیری هەنـدێك کەسـی عەسـکەرتاری نێـو دەزگـا ئیعلامـی و دەزگاکـانی تـری هـەردوو حیزبەکە و لەو جارەشیاندا مەرحەمـەتی حیزبـە ئیسلامییەکانیشی هاتە سەر،دەیانخواست، بە شانازییەوە دەنگیان بۆدا (ئەمـە جگـە لەچەند ئەندام پەرلەمانێکی باوەڕبوو بە ئازادی)، یاسایەك کـە لـە سـادەترین و جیـددیترین شـیکردنەوەیدا ناچـارمان دەکـات نـاوی تێـرۆری ئـازادی لێبنـێین، تێـرۆر هـەر کوشـتنی مرۆڤـەکان و تۆقاندنییان نییە بەڵکو ئـەو دەسـتەڵات و یاسـایەی رێ لـەو بـیروڕا ئازاد و سەربەخۆیانە دەگرێـت کـە مرۆڤـە راسـتەقینەکان باوەڕیـان پێیانە، تێـرۆری ئـازادی و بوێرییـە، گـەلێك لـەو تێـرۆرەی ئێـستای جیهان خەتەرترە، رێك دوای پەسەندکردنی ئەو یاسایە مەقـسەلەی سەردەمی فەڕەنسای لویسەکانم هاتەوە خەیاڵ کە مەقسەڵەیان بـۆ سـەر بڕینـی کەسـانی جیـاواز لەدەسـتەڵات دانـابو، ئـەو بـەراوردە مـەنتیقی تێدایـە چـونکە سـەری زمـان و بنـی زمـانی سـەرکردەو بەرپرس و حیزبییەکانمان گلۆبەلایزەیشن و مۆدێرنـە و دیموکراسـی و مـافی مرۆڤـە، کـە تـا سـەر ئێـسقان ئـەو واقیعـەیان بەرجەسـتە کـردووە کـە پێـچەوانەی ئـەو چـەمکانەیە، سنوردارکردنی نوسـین لـەپێناو بـەرەو ونکردنـی هەرچـی زیـاتری عـەقڵ و بیرکردنـەوەی لۆگیکیانە و بەشاراوە هێشتنەوەی هەرچی دەسـتەڵات پێیخۆشـبوو قفڵـدانی هـەموو کۆدەکـانی زانیـاری و رێگـرتن لـە هەرچـییەك کـە دەسـتەڵات پێیناخۆشـبوو، ریخۆشـکردنە بـەرەو پـیری فاشـیزم، فاشیزمیش بەهەمان شێوە بۆ زیاتر و زیاتر کۆنترۆڵکردنی کۆمـەڵگا تەواوی دەزگا ئیعلامییەکانی لە خزمەتدا بوو، ئـەو خەتـەرەش ئـەو کاتە دەردەکەوێت کە ئەو یاسایە چەسپاو رۆژنامە ئەهلییەکان هـەر زوو داخران و بوێری و ئازایەتی لە رۆژنامەگەریدا نەما، بێگومانیشم قبـوڵکردنی ئـەو یاسـایەو چەسـپاندنی ئـەو رۆژانـەمان بـۆ دێنێتـە کایەوە، ئەمڕۆ کەسانێك بـەرپرس و خـاوەن دەسـتەڵاتن، کـە چـاك دەزانن گەر یاسایەکی لەو شێوەیە نەبێت کە ئەوان قبوڵیان کـردوە و داکـۆکی لـەو یاسـایە دژە ئازادییـە دەکـەن، نـاتوانن درێـژە بـەو گەنـدەڵی و ناعەدالەتییـە بـدەن کـە ئـەمڕۆ بەیـەکێك لەپـەتاکانی کۆمەڵگەی کوردی دادەنرێت، خەتـەری ئـەو یاسـایە لـەوە دایـە کـە دەبێت رۆژنامـەنوس بە میزاجـی کەسەکانی نێـو دەسـتەڵات ئـیش بکـات و بڵاوبکاتـەوە، ئـەوەی ئـەمڕۆ رۆژنامـە ئـەهلی و گۆڤـارە ئەهلییـەکان دەیکـەن، پـاش پراکتیزەکردنـی یاسـا دەبێتـە سەرکێشییەکی زۆر گەورە بەقەد سەرکێشییەکانی رۆبینسۆ کـرۆزۆ گـەورە، چـونکە لەوکاتـدا رۆژنامەنوسـەکە بـەپێی یاسـایەکی بێویژدانانە غەڕامە دەکرێت و رۆژنامەکەش دادەخرێت، لەوکاتیـشدا رۆژنامە ئەهلییەکان نە خـاوەنی جـەلاد و بکـوژ و ٢٠٠ حیمایـەن بـۆ ئـەوەی پارێزگـاری لـە رۆژنامەکـەیان بکـەن، نـە ئەوەنـدەش دەوڵەمەنـدن غەرامـەکانیان بـدەن، بۆیـە بـە دڵنیـایی دەڵـێم پەسـەندکردنی یاسـای رۆژنامەگـەری تێرۆرکردنـی ئازادییـە و پەرلەمانیش سەرەڕای ئەو هەموو کێشانەی کە هەناسەیان لێبڕیوین بـە قەناسـێکی سـەردەمی بـەعس دوا گولـەی خـۆی نـا بـە ئـازادی رادەربڕینەوە و ئەوەی ماوەتەوە و بیسەلمێنێت کە لە ناو نوخبـەی سیاسیش بیرکردنەوەی جیـا هەیـەو هـەموویان یـەك ڕا نـین لەسـەر کوشتنی حەقیقەتی مرۆڤەکان سەرۆکایەتی هەرێمـە کـە پەسـەندی ئەو یاسایە نەکات.

*ئـەو مانـشێتە وتەیـەکی بـەڕێز شـوان محەممـەدە جێگـری سەرنوسەری ئاوێنە، لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ کەناڵی ڕۆژ تی ڤی.



وێنەی قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی ساڵی ١٩٧٥ لە قوتابخانەی چۆمانی سەرەتایی تێکەڵاو. ئەرشیفی خدر مستەفا

# سودەکانی شیری دایك بۆمناڵ

ئا: نەسرین ئەحمەد

سودەکانی شیری دایك بۆمناڵ

شـیری دایـك رێگـە دەگرێـت لـە نـەقڵ بـوونی ڤایرۆسـی جگـەر(سـی) بۆ مناڵی شیرە خۆر.

لێکۆڵینەوەیـەکی تـازە ئـەنجام دراوە لـە(سـەنتەری نەتـەوەیی بـۆ لێکۆڵینـەوە) لـە میـسر ئـەوەی دووپـات کردۆتـەوە کـەوا شـیری دایك رێگە دەگرێت لە نەقڵ بوونی نەخۆشـی ڤایرۆسـی جگـەر( سـی) لـەو دایکـە تووشـبووەوە بـۆ کۆرپەلەکـەی،وە رێـژەی نـەقڵ بوونی ئەو ڤایرۆسە لە دایکەوە بۆ کۆرپەلەکەی دەگاتـە(٤ تـا٦ ٪) لـە نێو منداڵاندا.

ئـەو لێکۆڵینـەوەش کـە لـە رۆژنامـەی(البیـان)ی ئیمـاراتی بڵاوکراوەتـەوە ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە کـەوا رێـژەی نـەقڵ بـوونی مـاددەی بـەرگری دژە ڤـایرۆس لـە دایکەوە بۆ کۆرپە تـازە لـە دایك بـوو دەگاتـە (٩١٪)پاشـان کـە دەبێتـەوەبۆ(١٣٪) پـاش تێپـەڕبوونی ساڵ و نیوێك بەسەر لە دایکبوونی.

لـە زۆر لێکۆڵینـەوەدا سـەلمێندراوە کـەوا نەخۆشـی لـە هەنـدێ حاڵەتـدا دەگوازرێتـەوە لـە دایکـەوە بـۆ کۆرپەلـە لـە سـکی دایکیدا، بـەڵام سوپاس بۆ خوا ئـەم لێکۆلینەوانـە گەیـشتەن ئـەو ئەنجامەی کەوا ئـەم حاڵەتانە زۆر بە دەگمەنن.

هـەروەها لـە لێکۆلینەوەکـە ئـەوە دووپـات کرایـەوە کـە هاتنـە خـوارەوەی ئـەو ئـاوەی لـە دەوروبـەری کۆرپەلەکەیـە لـە کـاتی لـە دایکبـوونی ئەگـەر (٦) شەشـە سـەعات پێـشتر یـان زیـاتر هاتـە خـوارەوە پـێش منداڵەکـە، وە یـان بەکارهێـچانی ئـامراز بـۆ ئاسـنکردنی لـە دایـك بـوونی کاریگـەرێکی ترسـناك بـۆ نـەقڵ بـوونی ڤـایرۆس بـۆ منداڵـە لـە دایکبووەکـە. وە خـۆ دوور گـرتن لـەم کاریگەرانـە منداڵەکـە زیـاتر دەپارێزێـت لـە نـەقڵ بـوونی ڤایرۆسەکە لەکاتی لە دایك بووون.

هـەروەها لـە لێکۆلینەوەکـە ئـەوەش سـەلمێنراوە کـەوا شـیردانی سروشـتی( شـیری دایـك ) بـۆ منـداڵ نـە دەبێتـە هـۆی نـەقل بـوونی ڤـایرۆس بـۆ منداڵکـە وە نـە زیـاد کردنـی، جـا لێـرەوە زیـاتر ئامۆژگـاری دایکـان دەکـەن بـۆ شـیرپێدانی سروشـتی وە بـە خۆپاراسـتن لێـی لـەکاتی دروسـت بـرین لـە سـەر مەمـەکی دایـك یـان خـوارەوەی خـوێن لێـی تـا خویچن نـەبێت بـۆ منداڵکـە لـەکاتی شـیر پێـدان کـە بـەهۆی ئـەو خوێنـەوە ڤایرۆس نەقڵ دەبێت.

ئەوەیـشی زانـراوە کـە ڤایرۆسـی(سـی) نـەقڵ دەبێـت بـۆ یەکێکی تر لە رێگای نـەقڵ کردنـی خوێن یـان یـەکێك بـە پێکهاتـەکانی بـۆ کەسـێکی تـر، یـان لـە رێگـەی بـەکارهێنانی سـرنجێك کـە بـە خوێنەوەیـەو ئـەو خوێنـەش ڤایرۆسـی پێویـە، وە زۆر بەدەگمـەن لـە رێگـەی پەیوەنـدی جووتبوونەوە نەقڵ دەبێت.



## << ئاگاداری و مژدە <<

**ئاگـاداری خانمـانی ئـازیز دەکەینەوە کەوا بـۆ جوانکـاری و رازاندنـەوەیان سـەردانی ئاریشگای ( کۆشکی بوکان )بکـەن کـە ناوەکـەی لـە ( ئارایـشگای قەشـەنگ )ـەوە گـۆڕدراوە بـۆ ( کۆشکی بوکان )**

**ناونیـشان** : چۆمان – دەروازەی شار – گەڕەکی چۆم درێژ.

**بەسەرپەرشتی**: دایکی قەشەنگ / دەرچووی پەیمانگای میرامار

ژ.م / 0750 4646714

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com